KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY
ERBIL, KURDISTAN - IRAQ
OFFICE OF THE SPEAKER

No:
DATE:

ئەنجوومەنی
ـشتمانیی کوردستانی عێراق
کوردستان - هەولێر
نووسینگەی سەرۆک
ـارە:
ـەروار:

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٩**

**مێژووی بڕیار:١٩٩٧/٩/٢٣**

# بڕیار

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادە (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢داو، لەسەر داخوازیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ڕۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣ دا ئەم یاسایەی دەرکرد:

## یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣

**مادەی یەکەم:**

مادەی یەکەم لە یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەبێت:
لیژنەیەک پێک دەهێنرێت بەناوی یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بەسەرۆکایەتی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان و بە ئەندامێتی نوێنەرانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێم و ئەنجومەنی خوێندنی باڵاو لێپرسراوی فەرمانگەی (ئامار)ەوە.

**مادەی دووەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت.

**مادەی سێیەم:**

لەسەر وەزیرە پەیوەندارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان ـ عێراق

١٢